# مژدە ناوەختەکانی کاوبا

نەژاد عزیز سورمێ

بەدیار گیانەڵای خەونەکانمەوە
(چەنگ)ی مێژووم لە باوەشدا
ئاوازی مەحاڵ دەژەنم ..
ئەستەمان بە حیکمەتی قوڵنگ
ئاشنا دەکەم..

ئا..
ئێمە سێبەری درەختێکمان بەس بوو
موچڕکە خەوتووەکانمانی
پێ بێدار بکەینەوە ..
تیشکە ڕەشداگەڕاوەکانی ئارامی
لە تووڵەڕێ و یاڵ و بەندەنان وەربگرینەوە..

فرمێسکمان جۆگەی
بەسەر ڕەشایی شەودا دەبەست
شەبەنگی خەمبار
لە جەژنی گوماندارانداا
دەنگوباسی ئەهلی دڵی دەگەیاند..
فرمێسک بکوژ بوون
ئەوەی لەو شەوەدا ڕشتمان
هەوای کۆنەپارێزی لێی دابوو
سێبەری ئاگردانێکی کوژاوە بوو
مەرگی ناوەختی
لە تۆغیانی ژیاندا پێشانداین.

بەرەبەیانێکی سۆزانی،
کە دووکەڵێکی دەقنەشکاوی، خوێناوی، بێ چاندی
لێ هەستا
زرنگانەوەی پەرێشانی بوو
بەری ئاسۆی لێ گرتین ..
ئەوسا،



مژده ژەنگگرتووەکانی کاوبا
لە گۆشەی جیا جیاوە
دەستی لە ساویلکەییمان دەگێڕا ..

ئیتر نەما
دڵ ئاوێنەی دڵ بێ.. نەما
نەما کچان
بە خۆیان و ملوانکە سادەکانیانەوە
ئایندەیان
لە داپڕانی ئەستێران ببینن
یا وانەیەک
تەنێ وانەیەک
لە بارانەوە فێر بن..

هەور ناناسینەوە..
باران ناناسینەوە..
یادەوەرییەکانمان،
بە خاڵە سپییەکانی خەڵوز دەبینین..

بە مەتەڵێکی هەڵنەهێنراو دەورە دراوین
ئۆردووی خەیاڵبازان
کە تارماییشیان نابینرێ
شەشدەری ڕوئیاکانمانیان
بە چڵی هەڵچووی تاسان گرتووە
ئاگرمان پێ دەدروونەوە
فرمێسکە قەتیسەکانمان پێ کون دەکەن
پێخەفی بەفرمان پێ ڕادەخەن..
چەمکی سەرچڵیمان
بە چەند تیکتۆکێکی بێ واز، بێ ئارەزوو
تێدەگەیەنن..

ئەوە باڵانوێنی مرۆڤە ئێستا
سەر بە هاوینێکی پرووکێنەر
سەر بە زستانێکی تووش
بە ئاوازێکی بابوێر
بە ختووکەی پێدەشت
بە مژدە خۆشە هەڵخەڵەتێنەرەکانی کاوبا.

سواڵی لەباوکەوتن
پردی سەر شەپۆلە سەرشێتەکان ..
خەندەی کەمەندان..
جەنگەی نوخشەلێدانی
بەژنی گەرداو..
ستاندنەوەی ڕەندایەتی..
سەڵا و کەباری جاڕ و ڕیکلامان
کە هەوا
لە ئۆکسجینی هەناسەسوار وەردەگرن..
چەشەخوازیی زیندانان
شاڵاوی گیرسانەوە و
ڕیتمی دادوەری
لە دەرکەزایانەوەیە..

ئەوە ئەو سەردەمە
وەرزی ڕۆژەڤ و
ساردەکێل لێک ناکرێنەوە ..
لووتکەی چیایان
وێنەی شاییەکی بەرەواژ
لە بیرە نەوتە بۆگەنەکان داوێین..
بە تامی با
جەربەزەیی دەرمانخواردوو..
ژیان
بە ئاوازێکی نەشازی شەیپوورێکی شکاو نەشئەدار..
ورە، برست، جەسارەت
بەردەستی ڕووهەڵگرانە..
دنیای جوان
ژیانی جوان
سروشتی جوان
گریمانەیەکە
بە قاڵبەسابوونێکی کۆڵێی جاران
سپێردراوە..

ئیتر هیچ لە هیچ دەخوازرێ..
(گوناهـ)ی گوناهـ
لەبەر دەرگای مزگەوت و کەنیسان

به ڕەونەقێکی شکۆدارەوە
ڕیزیان بۆ گوڵاڵەسوورەی
بەر پەرچەمی هێمنی بەستووە..
بێدەنگی،
هەڵایسانی بن بیرە
دەبێ خوو
بە فشاری قووڵ و بێدیماهی
شەوەوە بگرین..
هەوڵ بدەین بگەڕێینەوە ڕەحمی یەکەم
شەنگترین و
ئەمینترین تەلار..

دەسبەتاڵی،
بزەی لالەزارانە
سەرسام
مەستتر لە مەستی
لە شەختە ساردتر
بەدبینتر
لەو پەیمانانەی
شانۆی پێ دەڕازێنرێنەوە..
ڕەنگ لە ڕووان نەماو
شەرمن
لە هەمان ئەو کاوبایەدا دەتوێنەوە،
ساوی ڕەشەبا دەدەن
خەرقەی کازیوە دەپۆشن
بۆ سەفەرێک
لە بازنەی گێژەنێکی ڕەوان دەخولێتەوە،
ژیان و مەرگی
پێ کڕاوە و فرۆشراوە..

شاخەکان هەڵەیان کرد
کەڕەنای میدیا
بەرخەل پەرت و کۆ دەکاتەوە..
ودمی بەدنیهادی
شەهدی پێ دەکرێتە شەرەنگ
زەنوێر
لە سەرەمەرگدا
شەتاو دەستیان بەسەردا دێنێ..

ئای لە زیخەڵانی ئەو سنگانەی
یادەوەرییە ڕەشەکانی قووت دا
ژەنگی سەر دڵەبەردینەکانی لادا
مەوسیمی باڵانوێن و کینەپەڕێنیان
بۆ کردین
بە بووکەبەفرینەی خەیاڵی نەخۆشیان
هەیبەتیان
لە ئاهەنگێکی ئیرۆتیکی زڕدا
دایەوە شەوی کوێر
کەڵەشێری بەناوەخت
تیا بانگ دەدەن..
برینی تێدا دەکولێنەوە ..

کەڕەنای میدیا
سپتیتانکێکی بێ بنە
بە ڕەنگی پەلکەزێڕینە دەردەکەوێ
بە دەنگی شمشاڵ دەگاتە گوێ!!

ئای لەو کلیلانەی
لە تەنیشت دڵمان دانابوو
ئەو کلیلانەی
دامانابوو
گەنجینەی هیوای پێ بکەینەوە..
هاتن بێباک
بە دڵەوە
خستیانەوە ناو سەرابی کاوبا..
هێلانەی باڵندانیان بە شیرازەیەک
لە ئۆدەی بووژانەوە کەوتبوو
کۆر کردنەوە ..
بۆنی ڕەنگ و
خەونی ئاوهەڵدێرانیان کوشت..
بەردەوام بوون
لە بەردەوام بوون....

حوزەیرانی ٢٠٢٤